# دادگایی یەکەی ڤان ئانرات وئاشی بێ ئاشەوان ... خالید هەرکی

www. serben. com



کاتێک بەهەر هۆیەکەوە مرۆڤ ئاوارەی هەندەران دەبێت ودور دەکەویتەوە لەدۆست و وولات، دیار ە کەدەبێتە خاوەنی هەستێکی شاعیرانەی ناسک. هەستێک هەردەم غەرقی مەی وخەیالی ئەندێشەو حەزو نیازەکانی بێت، جا خاسمەئاوارەیی یەک لەئەنجامی سەختی برینی جەستەودایکەوەبو بێت دەبێ هەلگری ئەم هەستە چ مرۆڤێک بەخۆوە هەلگرێ؟

بەپێی ئەم پێوەرانە دەبێ کاتێک میلەتێک توشی ژانێکدە بێت قیژەو هاواری رۆلەپەرەگەندەکانی لەقیژەو هاواری رۆلەکانی تری بەرز تر و کاریگەرتر بن.

کەئەم چەند دێرەی دادێ دەنوسم، بۆ ئەوەم نیەزیادەرۆیی یا ناز لەسەر کەسەوە بکەم، ئەوەی دەیکەم و کردومە بە دلۆپێکی دەزانم لە دەریای شەهیدێکی رێگەی رزگاری کوردی. بەلام رەوایەکەقسەلەشوێن خۆی بوترێت ئەگەر کەسیش نەبێ گوێی لێبگرێ یا بی خوێنێتەوە، خۆ دەتوانم بۆ خۆم بیکەم بە بە رگە یەک.

بەهۆی هەولو تەقەلای دلسۆزان وخەمخۆران و ماندو نەناسەکانمان لەدەرەوەی وولات و بەهاوکاری رێکخراوەبیانیە مرۆڤ دۆستەکانەوە، لەم ماوەی دوایی دا توانرا یەکێک لە بازرگانەویژدان مردوەکانی سەردەمی چەرخی رەش لەمێژوی رژێمە سکتر وگۆربەگۆرەکەی سەدام دا، کە پیاوێکی خەلکی هۆلەندا بەناوی ڤان ئەنرات دەستگیر بکرێت وبتوانرێت ئەوەبکرێت کەبەهیچ بیانویەک ئازاد یا بەناو دەستبەسەر نەکرێت بەلکو بخرێتە کونجی بەندیخانەوە لەوولاتی هۆلەندا.

دوای چەندین دانیشتن و کێشمەکێشم ئیمرۆ لە 21- 2005 لە لاهای دادگایی کرا. ئەمەو بەر لەمە لاپەرەی ئینتەرنێت نەمابو بابەتێک لەسەر ئەم دۆزەبلاونەکاتەوە و گرنگی و دژواری ئەم تاوانبارە بۆ خەلک ئاشکراون نەکاتەوە، کەئەم تاوانبارەیەکێک بوە لەبازرگانە هەرە گرنگە کانی سالانی 982 تا 1988کە گازی کوشندەی بەعێراق فرۆشتوە، هەر ئەم گازەش بو کە رژێمی بەعس لەچەندین شارو دێهاتی کوردستانی باشورو رۆژهەلاتی بەکارهێنا بەتایبەتی لەشاری هەلەبجەی قارەمان و گوندەکانی سەربەشنۆ ومەریوان لەکوردستانی رۆژهەلات، لەئەنجامی ئەوە بوەهۆی کوشتنی زیاتر لە 5000 کەسی سفیلی کورد لەژن وپیر و مندال، ئەمەوبریندارکردنی دەیان هەزار کەسی تر وکاولکردنی سەدان گوند و ئاوایی.

ئەو رۆژەکەوتمان لەهەمو مالپەرەکوردیەکان کە بەرۆژنامەو زمان حالی بێدەسەلاتان دەناسرێت لەم کەنالانە ئاگاداری و زانیاریی تەواو درانە خەلک کەلەم رۆژەدا ئەم تاوانبارەدەدرێتەدادگا لەو کاتو شوێنەدا.

گەر لایەنی نەتەوایەتی وەلانێین و لە سەکۆیەکی عەشائریەوە هەلوێست وەرگرین دەتوانین بلێین کەلانی کەمی 5000 کەسی کورد لە خەلکی شاری هەلەبجە لەولاتی هۆلەندا نیشتەجێن، سەرباری دەیان هەزار کوردی کوردستانی باشور لەپال ئەمانیشەوەدەیان هەزارکوردی کوردستانی باکور ورۆژهەلاتو رۆژئاوای بچوک. ئەمەیان وەکو نیمچە ئامارێک.

کاتێک بەهاورێی چەند برادەرێک بۆ بەشداریو ئامادەبون لەدادگایی کردنەکە گەیشتمەبەردەرگای دادگا، وام زانی دادگایەکە گواستراوەتەوە دەنا لەرۆژێکی مێژویی وەک ئەمرۆدا کەدرندەیی ئەم تاوانبارەلەدرندەیی سەدامی خوێنرێژ کەمتر نیە نابێ

دادگایەکەلێرەمابێ چونکەهەرنەبێ خۆ دەبێ هەزار کوردێک لەبەر دەرگا وەکو شایەدحال وزیان لێکەوتوو هاوسۆزانی ئەم دۆزەمان ئامادەبن، هەرنەبێ بۆ ئەوەی پارێزەر و دادوەران بەگرد بونەوەسام گرتوکەین.

بەهەرحال ئەوانەی ئامادەببون بەپەنجەی دەست ئەژمار دەکران.

لەهۆلی دادگا چومەژورەوەهیچ روخساری ئەوەم بەدی نەکرد کەئەم دادگایە بۆ دۆزێکی کورد دانیشتبن دۆزو کێشەیەک لەجینۆساید و مەرگەساتی کورد بکۆلێتەوە کێشەیەک لەچارەنوس و مافی بەنارەوا کوشتنی زیاتر لەکەسی کورد بکۆلێتەوە.

دەتوانم پاساو بۆ گەلێ کەس بهێنم لەئامادەنەبونیان، چونکە کاتەکە کاتی دەوام وکارکردنی فەرمی ئەم ولاتەبو وە رۆژی پشو نەبو ئەمەو دەکرێ گرانی کرێی هاتو چۆ لەم ولاتەئەگەرێکی تری بێ، بەلام ئەمەو چەندین بیانوی تر ئەوەناگەیەنێ کەبەردەرگای دادگا بەم شێوە یە چۆل وهۆل بێ بەتایبەتیش لەم غەریبی وئاوارەییە کە لەسەرەتای نوسینەکەمدا ئامازەم پێی کردبو دەبێ لەئاست سەنگی داواکەمان هەلسو کەوت بکەین.

گەر سەیرێکی حالی حازری خۆمان بکەین لەمیلەتانی دونیا مان کەمتر نیە، سەرکردەکانمان لەبەرزترین ئاست پێشوازی دەکرێن و دەناسرێن کێشەی نەتەوایەتیمان کەوتۆتە سەربەرزترین مێز لەبونی حکومەت لەجیات حکومەتێک دوانمان هەیە... چەندین وچەندینی تر.... !!

چاوەروانی ئەوەم دەکرد کەچەند پارێزەرێکمان بۆ گیرابێ بەلام جێگەی داخ بو کاتێک پارێزەری دۆزەکەمان دەلێت نەم توانی شایەد حالەکان ئامادەبکەم بەهۆی کێشەی ڤیزاوە (سەیرەرۆژانەدەیان کەس بە بیانوی جۆراوجۆر لەناویاندا کەسانی بێکەلک ومشەخۆر ڤیزایان بۆ وەردەگیرێت روەو ئەوروپاو تەنانەت ئەمەریکاش رەوانەدەکرێن، کارێکی ئاستەم بو گەر بەشەڤیزاکەی هەفتەیەک گەر نەلێم هی رۆژێک بدرابا بەو 11 کەسە شایەدحالو زیانلێکەوتوانە ی کەنەتوانرا ئامادەیان کەن بۆ ئەم دادگایە؟) بەراستی ئەمەی لەم رۆژەدا بیستم پێم هەزم نەکرا.

پارێزەری تاوانبار بەرگری لەموەکلەکەی دەکات دەلێ لەبەر ئەوەی تاوانبار ئەم تاوانانەی لەخاکی هۆلەندا ئەنجام نەداوە و ئەوانەی تاوانیان لەگەل کراوە هۆلەندی نین بۆیەداوا دەکەم ناوبراو ئازاد بکرێت وەئەگەر لەکاردانەوەی ئازادکردنەکەش ترستان هەیە ئەوا دەکرێ بە نهێنی بریاری ئازادکردنەکە دەربکەن، ئەمەگومانێکی لا دروست کردم ئەوەی ئەم گومانەشی لا مسۆگەرکردم ئەوەبو کاتێک پارێزەری بەرگری لەدۆزەکە، داوای لەدادوەرکرد بەپارێزەری تاوانبار بلێ کەئەو داواو پرسیارانەی لەدادوەرکردوەبەنوسین وێنەیەکی پێبدات، دادوەر هەر بە راشکاوانە وەلامی دایەوە وو تی: جاتۆ ئەمانەت بۆ چیە تۆ هەرمەبەستت پارەکەیە چ کارت بەمان هەیە؟

بەراستی هەست دەکەم لەم فاک وفیکە ومقۆ مقۆیەی نێوانیان کەچۆن کەسانێک بونە بازرگانی ئەم مانشێتەدیارەلێرەش هەن دەیانەوێ خێری رەنگدانەوەی کارەساتی هەلەبجەیان بەرکەوێ، بۆیە دەبێ ووشیاریەک لەم مەسەلەیەدا هەبێ.

هیوادارم کەئەم بۆچونەم لەشوێن خۆی نەبێ و ئەوانەی لەپشت ئەم مەسەلەوەن بەتایبەت لەدۆستەبێگانەکان لەنیازپاکی و ویژدان زیندویی یانەوەبێ.

هۆلەندا 21. 11. 2005